سبەی وەفدێکی یەکێتی سەردانی نەوەی نوێ دەکەن

سبەی وەفدێکی یەکێتی بە سەرکایەتی باڤێ تاڵەبانی سەردانی نەوەی نوێ دەکەن.

دوای ئەوەی باڤێ تاڵەبانی وەڵامی پێژەکەی نەوەی نوێی دایەوە، چاوگێک بە ئێن ئاڵ تی وت، سبەی وەفدێکی یەکێتی بە سەرکایەتی باڤێ تاڵەبانی سەردانی نەوەی نوێ دەکەن بە تاوتوێکردنی پرۆژەکەیان لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم.

ئەوە لەکاتێکدایە، ڕۆژی ١٥ـی ئەم مانگە شاسوار عەبدولواحید لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنوسیدا جەختی کردەوە لە پرۆژەکەی سالی ڕابردووی نەوەی نوێ لەسەر پێکهێنانی بەرەیەک لە دەرەوەی پارتی بە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم.